## نوسەریك بە تاوانی نووسینی وتاریك 30 ساڵ حوكمی زیندانی بەسەرا درا !

**دكتور كەمال سەید قادر ، پاش ئەوەی كە لەبەرواری 26/ 10 /2005 دا گەڕایەوە بۆ كوردستان، دەست بەجێ لە شاری هەولێر لەلایەن دەزگاكانی ئاسایشی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك بێ سەروشوێن دەكرێت . بەلام دواتر بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینی ژمارەیەكی زۆر لە نووسەرو ئەدیب وسیاسە تمەدارو ئازادیخوازەوە، لە بەرواری 5 / 11 / 2005 دا نوینەری (PDK) لە ئەوروپا دان بەوەدا دەنێت كە دكتۆر كەمال لەلایەن (PDK) دەستگیركراوەو شكاتی لەسەر ودادگای دەكرێت. داوای بەسەربردنی 55 رۆژ لە زیندان، پاشان لە بەرواری 19 / 12 / 2005 لە حالیكدا دادگای دەكرێ كە تەنانەت پاریزەری خۆی نابێت وهەر لەهۆلی دادگای كردنا پارێزەرێكی پێ دەناسێنن كە بۆ ماوەی 5 دەقیقە قسەوباس دەكەن پێكەوە . بەلام دواترپاش چەند پرسیارو وەلامێك 30سال حوكمی زیندانی بەسەردا دەدەن. شایەنی باسە كە ئەم هەواڵە لەلایەن ( دكتور محمد احسان، وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەریمی كوردستان – هەولیر)، لە چاوپێكەوتنێكی دوێنێدا لەگەل ڕادیۆ ئەمریكا دانی بەوەدا نا كە بەڵی ( PDK)30 حوكمی زیندانی كردن دراوە بەسەر دكتۆر كەمال سەید قادر دا . ئاشكرایە كە حوكمێكی لەو جۆرە لە دنیای واقعیداو لە ولاتێكدا كە بەرهەر ئەندازەیەك یاسا مانای پەیدا كردبێ بێوێنەیە !**

**وەك دەزانن بەگشتی ڕژێمە دیكتاتۆرەكانی دنیا حوكمی ئەبەدیان هەیە، حوكمی 20 ساڵی هەیە. بەلام دكتۆر كەمال حوكمی30 سالی بەسەردادەرێ. ئەمە لەكاتێكدا كە دكتۆر كەمال نە تیرۆریستەو نەمافیایەو نەئەمنیەتی هیچ ولات ودەستەلاتێكی خستووەتە بەر مەترسی یەوە، بەڵكو تەنها بەتۆمەتی نوسین و ڕەخنەگرتن لە چەند كەسایەتیەكی ( PDK ) 30 ساڵ حوكمی بەسەردا دراوە. حوكمدانی دكتۆر كەمال بۆ ماوەی 30 سال بەڵگەیەكی ڕۆشنە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی یەی كە دەستەلاتدارانی كوردستان وبەتایبەتی (PDK) چۆن تا سەر موغ وئیسقان نامۆن بە هەر پرانسیپ ومۆرالێكی ئینسانی و هەر یاسایەكی نیونەتەوەی. وە دژ بە هەرجۆرە ئازادی یەكی بەیان، ئازادی راگەیاندن، ئازادی بیرورادەربرین و رەخنەگرتنن. بۆیە داوا لە هەموو حزب و ڕێكخراوێكی سیاسی و پیشەو ئینسان دۆست و هەر دەنگێكی ئازادیخواز دەكەین بەتووندی ئەم تاوانە مەحكوم بكەن وخوازیاری ئازادكردنی دەست بەجێ ی دكتور كەمال سەید قادر بن.**

**كەمپینی داكۆكی كردن لە ئازادبوونی دكتور كەمال سەید قادر**

2005 / 12 / 21

Tel : 00358 440464905

☆☆☆☆☆☆☆☆